# ڕەوتی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا لە دوای جەنگی سارد

# سير العلاقات الصينية الأمريكية بعد الحرب الباردة

# The Trends of Sino-American relations after the Cold War

**هیوا عەزیز سەعید[1]، هۆشمەن عەتا مەحمود[2]**

[1] بەشی مێژووو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: hiwa.saeed@univsul.edu.iq

**پوختە:**

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و دەستپێکردنی سیستەمی تاك جەمسەری بە ڕابەرایەتی ئەمریکا، پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتەی لەگەڵ چین بردە قۆناغێکی نوێوە، ڕوداوەکانی گۆڕەپانی تیانەمین لە ١٩٨٩ پەیوەندی و ئاستی ئاڵوگۆڕی دیپلۆماسی نێوان ئەو دوو وڵاتەی لاوازکردبوو، کاتێك سۆڤیەت هەڵوەشایەوە لە ناو بڕیاربەدەستانی ئەمریکا دیدێك دروستبوو کە چین ئیدی ئەو پێگە گرنگەی بۆ ئەمریکا نیە کە لە سەردەمی جەنگی سارددا هەیبوو، کاتێك بۆ هاوسەنگی هێز لە دژی سۆڤیەت بەکاردەهێنرا، بۆیە باشترە گرنگی بدرێت بە پرسی مافی مرۆڤ و کەمینەکان لە چیندا. ئەوە لەکاتێکدا چین هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دەدا، چونکە نەیدەویست لەڕووی سیاسییەوە پەراوێز بخرێت کە سەرئەنجام بەزیان دەشکایەوە بۆ گەشەی ئابورییەکەی. چین خاوەن پێگەیەکی سیاسی، ئابوری، جوگرافی، سەربازیی گرنگە، ئەمریکیەکان هەرزوو دەرکیان بەم گرنگییە کرد، بۆیە پەیوەندییەکان لە ناوەڕاستی نەوەدەکان ئاسایی کرانەوە و چەندین ڕێکەوتننامە لە نێوان هەردوولا ئەنجامدران. ئەمریکا لەبەردەم ئەندامێتی چین لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە ٢٠٠٢ دەرگای واڵاکرد، ئابوریی چین بەخێرایی گەشەیکرد و بووە ئابوریی دووەم لە دوای ئەمریکاوە، لەکاتێکدا لە نەوەدەکان حەوتەم گەورە ئابوریی جیهان بوو. ڕوداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر هەماهەنگی زیاتر و هاوکاریی دولایەنەی لێکەوتەوە، چین لەسەرەتاوە دژی شەڕی عێراق بوو، بەڵام سەرقاڵبونی ئەمریکا بەجەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چینی زیاتر هێنایە پێشەوە و هەژمونی ئابوری و دیپلۆماسی خۆی بەهێزتر و دامەزراوترکرد. لە ٢٠١١ باراك ئۆباما لە دۆکترینی سیاسەتی دەرەکیدا چینی کرد بە چەقی گرنگیپێدانی ئەمریکا و سیاسەتی سەرنج لەسەر ئاسیای جێبەجێکرد.

**وشە کلیلیەکان:** چین، ئەمریکا، سیاسەتی دەرەوە، مێژووی پەیوەندییەکان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10544 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٢/٢٢ \| ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٢٩ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | hiwa.saeed@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٤ پ.ی.د. هیوا عەزیز سەعید ، م.ی. هۆشمەن عەتا مەحمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**الملخص:**

في حقبة ما بعد الحرب الباردة، أخذ النظام أحادي القطب الذي تقوده الولايات المتحدة العلاقات السياسية للبلاد مع الصين إلى مرحلة جديدة. فقد أدت أحداث ميدان تيانانمين في عام ١٩٨٩ إلى إضعاف العلاقات الدبلوماسية بين البلدين، حيث لم تعد الصين تحتل موقعًا مهمًا للولايات المتحدة. الدول التي كانت عليها دور مهم خلال الحرب الباردة، عندما تم استخدامها لموازنة القوة ضد السوفييت، لذلك من الأفضل الانتباه إلى حقوق الإنسان والأقليات في الصين بعد الانتهاء الحرب. كانت الصين تحاول تطبيع العلاقات مع الولايات المتحدة لأنها لا تريد أن يتم تهميشها سياسياً، الأمر الذي سيضر في النهاية بنموها الاقتصادي. تتمتع الصين بمكانة سياسية واقتصادية وجغرافية وعسكرية مهمة، وسرعان ما أدرك الأمريكيون هذه الأهمية، لذلك تم تطبيع العلاقات في منتصف التسعينيات وتم توقيع العديد من الاتفاقيات بين الجانبين. فتحت الولايات المتحدة الباب أمام عضوية الصين في منظمة التجارة العالمية في عام ٢٠٠٢، ونمت الصين بسرعة لتصبح ثاني أكبر اقتصاد في العالم بعد الولايات المتحدة، بينما كانت في التسعينيات سابع أكبر اقتصاد في العالم. أدت أحداث الحادي عشر من سبتمبر إلى مزيد من التنسيق والتعاون الثنائي، حيث كانت الصين في البداية ضد الحرب في العراق، لكن انشغال الولايات المتحدة بالحروب في الشرق الأوسط أدى إلى زيادة الصين وتعزيز هيمنتها الاقتصادية والدبلوماسية. في عام ٢٠١١ ، جعل باراك أوباما الصين محور عقيدة السياسة الخارجية للولايات المتحدة وطبق سياسة تركز على آسيا.

**الكلمات المفتاحية:** الصين، الولايات المتحدة الأمريكية، السياسة الخارجية، تأريخ العلاقات، الشرق الاوسط

## Abstract:

In the post-Cold War era, the US-led unipolar system took the country's political relations with China to a new stage. The Tiananmen Square events in 1989 weakened diplomatic relations between the two countries, China no longer has the important position for the United States that it had during the Cold War when it was used to balance power against the Soviets, so it is better to pay attention to human rights and minorities in China. China was trying to normalize relations with the United States because it did not want to be politically marginalized, which would eventually harm its economic growth. China has an important political, economic, geographical, and military position, the Americans quickly realized this importance, so relations were normalized in the mid-1990s, and several agreements were signed between the two sides. The United States opened the door to China's membership in the World Trade Organization in 2002, and China grew rapidly to become the world's second-largest economy after the United States, while in the 1990s it was the world's seventh largest. The events of 9/11 led to greater coordination and bilateral cooperation. China was initially against the war in Iraq, but the US preoccupation with the wars in the Middle East brought China further and strengthened its economic and diplomatic hegemony. In 2011, Barack Obama made China the focus of US foreign policy doctrine and implemented a pivot to Asia policy.

**Keywords:** China, America, Foreign policy, Middle East, relations.

## پێشەکی:

لە ساڵی ٢٠١٥ گراهام تی ئەلیسۆن توێژەری بواری زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی هارڤارد توێژینەوەیەکەی به ناونیشانی (تەڵەی سیوسیدیدس، ئایا ئەمریکا و چین بەرەو جەنگ دەڕۆن؟) بڵاوکردەوە. هەرلەوێشدا ئاماژە دەدات لە دوانزە کەیس لە کۆی شانزە کەیسی ململانێ لە نێوان زلهێزی تازە گەشەسەندوو لەگەڵ زلهێزی دەسەڵاتدار بە جەنگ کۆتایی هاتووە.(Graham Allison, 2015) ئەم نوسینە کورتە بووە هۆی گرنگیدانی زیاتری ناوەندە ئاکادیمی و زانکۆییەکانی جیهان بۆ تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندیەکانی چین و ئەمریکا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی ناکۆکیەکان.

پەیوەندییە سیاسییەکانی چین و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکردووە، ئەگەرچی تا ماوەیەکی درێژ پەیوەندییەکانیان ئاسایی و دۆستانەبوون، بەڵام دوای دامەزراندنی کۆماری گەلی چین لە ١٩٤٩ قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکان هاتە ئاراوە. لەسەرەتاوە پەیوەندییەکان بەرەو گرژی چوون، بەڵام لە ناوەڕاستی جەنگی سارددا پەیوەندیەکانیان ئاسایی کردەوە. بەکۆتایی جەنگی سارد و سەرهەڵدانی سیستەمی تاك جەمسەری و بانگەشەکردنی سیستەمی نوێی جیهانی، پەیوەندییەکانیان چووە قۆناغێکی تازەوە. ئەگەر چی ڕوداوەکانی مەیدانی تیانامینی بەیجین لە ١٩٨٩ بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ پەیوەندیەکانیان بەدۆخێکی دژواردا تێپەڕێت، بەجۆرێك کە کاربەدەستانی ئەمریکا لە سەرەتاوە لە گەشەدان بە پەیوەندییە دوو لایەنەکان بێباکیان نیشاندا، تا گەشتە ئەوەی کە بۆچونێك هەبوو لە ناوخۆی ئەمریکا کە گرنگیدان بە چین تەنیا بۆ قۆناغی جەنگی سارد و پارسەنگ کردنەوەی هێز دژی سۆڤیەت گرنگ بووە، هەر بۆیە ئیدارەکانی بوش و کلینتۆن لە سەرەتاوە لە پەیوەندی لەگەڵ چین گرنگییان بە پرسی مافەکانی مرۆڤ و کەمینەکان لە ناوخۆی چین داوە. پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا لە دوای جەنگی سارد بە ئاڵۆزترین جۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە نێوان دوو وڵاتدا دادەنرێت، چونکە پەیوەندییەکانیان لە یەك کاتدا تایبەتمەندی هەماهەنگی و ململانێشی هەیە. بۆ ئەوەی لە پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا تێبگەین پێویستە پێش ئەوە تێگەیشتنمان دەربارەی پرۆسەی بڕیاری سیاسی و مێژووی گەشەکردنی و ئەو کاریگەرییە مێژووییانەی لە سیاسەتی دەرەکی هەریەکەیاندا هەبێت. ئەو بنەمایانە ڕونبکەینەوە کە لە ژێر ڕۆشنایی ئەودا سیاسەتمەداران پرۆژەو کردە سیاسیەکانیان ئەنجامدەدەن. بێگومان ئەوەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی سیاسی، ئابوری، ئاسایشی لە ناوخۆی هەر یەك لەودوو وڵاتە. لەوەش گرنگتر کارتێکەرە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە گۆڕان لە سیاسەتی دەرەکی هەر وڵاتێکدا، بە تایبەت ئەگەر ئەو دوو وڵاتە دوو زلهێزی جیهانی بن.

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە لە قۆناغێکی نوێی مێژووی پەیوەندیە دەرەکیەکانی چین و ئەمریکا دەکۆڵێتەوە لە دوو دەیەی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، بە جۆرێك کە پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە بە چەندین وێستگەی گرنگدا تێپەڕیوە. هەندێك جار گۆڕانکارییە ناووخۆییەکان لە ناو هەریەك لەو وڵاتانە کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕانی سیاسەتی دەرەکی، هەرچی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی چینە، جیانگ زیمینگ ١٩٩٣-٢٠٠٣ و هو جینتاو ٢٠٠٣-٢٠١٣ بۆ دوو خولی یەك بەدوای یەك سەرکردایەتی چینیان کردوە، هەردوکیشیان نوێنەرایەتی نەوەیەکی تازەی قۆناغی پاش ماویان دەکرد. لە پەیوەست بە ئەمریکا، مەودای توێژینەوەکە سێ سەرۆکی گرتوەتەوە، ئەوانیش کلینتۆن، بوشی کوڕ، و ئۆباما. کە دوانیان لە پارتی دیموکرات و ئەوی دیکە لە پارتی کۆماری بووە. دیارە ئەو دوو پارتەش ڕوانینیان بۆ سیاسەتی دەرەکی جیاوازە، ئەوە جگە لەوەی کارتێکەری گرنگی وەك ڕوداوەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ و شەڕی عێراق گەورەترین فاکتەری گۆڕانبوون لەسەر ئاستی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە جیهان و لەسەر ئاستی پەیوندی هەردوو وڵات.

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی خەسڵەتی پەیوەندییە فرەلایەنەکانی چین و ئەمریکا لە قۆناغی دوای جەنگی سارددا. لەم دیدەوە بە میتۆدی شیکاریی مێژوویی سیاسی هەوڵدەدەین بنەما و قۆناغەکانی سیاسەتی دەرەوەی هەریەک لە چین و ئەمریکا شرۆڤە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بکەین، پاشان مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو هێزە لە دوای جەنگی سارد ڕوونبکەینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدراوە سوود لەسەرچاوە ئینگلیزیی و عەرەبی وەربگیرێت.

پلانی توێژینەوەکە بەجۆرێکە کە کراوە بە سێ باسەوە، سەرەتا لە باسی یەکەمدا هەوڵدراوە شیکارییەکی ورد لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسەتی دەرەکی چین بکرێت، چین چۆن دەرەوە دەبینێت، چۆن بیردەکاتەوە، چۆن ڕەفتار دەکات، و کێن ئەو لایەنانەی کە بەرپرسن لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتانە. پاشان، لە باسی دووەم هەوڵ دراوە هەڵسەنگاندن بۆ پێکهاتەی بڕیاری سیاسەتی دەرەکی ئەمریکی بکرێت، بەتایبەت گۆڕان لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە دوای جەنگی سارد و ئەو هەلومەرجە نوێیەی کە لە سایەی گڵۆبالیزەیشن و پاشان جەنگی دژی تیرۆر هاتە ئاراوە لە پەیوەست بەچین نمایش بکرێت. لە باسی سێیەم و کۆتایی بە وردی باس لەو وێستگە جیاوازانە کراوە کە پەیوەندیەکانی دوو وڵاتی پێدا تێپەڕیوە لە دوو دەیەی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد.

## باسی یەکەم/ بنەما و قۆناغەکانی سیاسەتی دەرەوەی چین:

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری گەلی چینەوە بنەماکانی سیاسەتی دەرەکی ئەو وڵاتە بە یاسا ڕەنگڕێژکران. دەستوری کۆماری گەلی چین بە ڕوونی باسی بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی چینی کردووە، لە پەیوەست بە پرسی سیاسەتی دەرەکیدا دیدی چین لە دیباجەی دەستورەکەدا بەمشێوەیە خراوەتە ڕوو: "چین پابەندە بە سیاسەتێکی دەرەکی سەربەخۆ، هەروەها بە پێنج بنەماکەوە کە بریتین لە: ڕێزگرتنی سەروەریی و یەکپارچەیی خاک، ڕەفتاری ناشەڕانگێزیی دژی یەکتر، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر، یەکسانی و سودی هاوبەش، پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە پەرەپێدانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و ئاڵوگۆڕی ئابووریی و کولتووری لەگەڵ وڵاتانی دیکە. چین بەردەوام دژی ئیمپریالیزم، هەژمونگەرایی و کۆلۆنیالیزمە، بۆ بەهێزکردنی یەکێتی لەگەڵ وڵاتانی دیکە کاردەکات، لە خەباتی دادپەروەرانەیان بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و پەرەپێدانی ئابووریی نیشتمانی، پشتیوانی لە گەلانی چەوساوە و وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان دەکات، هەروەها بۆ پاراستنی ئاشتی جیهانی و بەرەوپێشبردنی دۆزی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەوڵدەدات". ( China's Foreign Policy, ٢٠٢٢)

ئەو ڕەگەزانەی هێز دەبەخشنە پێگەی چین هەمەجۆرن، هەندێکیان بەرجەستەن وەك لایەنی سروشتی، کە لە ڕوبەری دەوڵەت، پێگەی جوگرافی و سەرچاوە سروشتیەکان پێکدێن، کاریگەرییان لەسەر ئەو بژاردە ستراتیژیانە هەیە کە چین لە پەیوەندییە دەرەکیەکانیدا هەڵیان دەبژێرێت. هەروەها کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی ئابوریی هەیە، چونکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بەو سەرچاوە کانزایی و سروشتیانە دەبەستێت، کە دەوڵەت خاوەندارییان دەکات، ئەوە سەرباری هەمەجۆریی هەرێمە ڕووەکی و کشتوکاڵییەکان و دەستگرتن بەسەر ڕێگا گرنگەکانی گواستنەوە و نوێکردنەوەی توانا سەربازییە کلاسیکی و ناوەکییەکان و دابینکردنی سەرچاوە داراییەکان. هەرچی ڕەگەزە مەعنەویەکانە خۆی لە بونیادە کۆمەڵایەتیەکاندا دەبینێتەوە، لەوانە بونیادی ناوخۆیی، چین هەرێم و دانیشتوانی هەمەڕەنگی هەیە، وایکردووە بەها سیاسیی، کۆمەڵایەتی، کولتوریی، ژیاری و مێژووییەکان ڕەنگدانەوەی لە سیاسەتی دەرەکیدا هەبێت. هەروەها ڕۆڵی دامەزراوەکان و پاڵپشتیکردنی هێزی نەرمی چینی، لە پەخشکردنی بەها و هەژمونی چین لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هاوکاربووە (رفل محمد، ٢٠١٣، ٢٤). لێرەوە ڕۆڵی چین لەسەر ئاستی دەرەوەدا زەمینەیەکی ماددی و مەعنەوی گرنگ و توانای گەورەی لە پشتەوەیە، کە وایکردووە بڕیاربەدەستانی چین وڵاتەکەیان بە شایستە بزانن کە ڕۆڵێکی گەورەتر و کاراتر لە مەیدانە جیهانیەکاندا بگێڕێت، وەك لە ماوەکانی ڕابردوودا هەیبووە.

شارستانیەت و کەلتوری چینی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە چوەتە ناو ڕەفتاری دەرەکی ئەو وڵاتە. شارستانیەتی دێرینی چین وەك یەکێك لەکۆنترین ژیارە بەردەوامەکانی جیهان بە چەند ڕێگایەکی جیاواز کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە دەرەکیەکانی ئەو وڵاتە داناوە. چەندین سەدە ئیمپراتۆریەتی چینی لە پشتبەستن بە خۆی و مەزنی و بێڕکابەریدابوو. چین خۆی بە چەقی گەردون زانیووە، لە قۆناغە

مێژووییەکاندا خەڵکانی دەرەوەی خۆیان بە ناشارستانی و بەربەر داناوە. ئەگەرچی هەندێکجار ئەو بەرپەرانە (بنەماڵەکانی یوان (١٢٧٩-١٣٦٨) و چینگ (١٦٤٤-١٩١١)) فەرمانڕەوایی چینیان کردووە، ئیمپراتۆری چین وا دەبینرا فەرمانڕەوای مرۆڤایەتییە، لەم تێڕوانینەوە پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ دەوڵەتان پەیوەندییەکی یەکسانی نێوان دوو دەوڵەت نەبووە. (Worden et al. p475)

تا سەردەمی نوێ لە چیندا دامەزراوەیەکی هاوتای وەزارەتی دەرەوە نەبووە، پەیوەندییە دەرەکییەکان خۆی بینیوەتەوە لە هەندێك چالاکی وەك پێشوازیکردن لە نێردەی وڵاتان بۆ لای ئیمپراتۆر کە خوازیاری بازرگانی لەگەڵ چین بوون، یان هەندێکجار بۆ پێشڕەوییەکانی سوپا دژی ئەو بەربەرانەی دراوسێی چین بوون بۆ ئەوەی لە سنورەکانیانەوە دوربن. ئەوروپاییەکان ویستی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ چیندا لە سەدەی شازدەوە دەستپێکرد، لە پێناو ئەو پەیوەندییە ناچاربوون هەمان نەریت و ڕێوڕەسمە چینیەکان لە دادگاکانی چین پەیڕەوبکەن، لەبەرئەوە دیاردەی (چین سەنتەری Sino-centrism) تاوەکو سەدەی نۆزدە بە نەگۆڕیی مایەوە. ئەگەرچی لە کۆندا چین خۆی وەک شانشینی ناوەڕاستی زەوی دەبینی، بەڵام لە قۆناغی نوێدا، ئەم سیاسەتە فۆرمەکەی بۆ بەکارهێنانی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێزێکی دەرەکیدا بۆ پارسەنگکردنەوەی هێزەکانی تر گۆڕیی. ئەویش بریتیبوو لە لایەنگری بۆ لایەك (Leaning to one side) لە پەیوەندییەکانی چین-سۆڤیەت لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم و دژایەتی ئەمریکا، یاخود ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ ئەمریکا لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی سۆڤیەتی. خواستی بەهێزی سەروەریی و سەربەخۆیی لە کرداردا، هاوپەیمانێتیەکانی چینی کەم تەمەن و کورتخایەن کردووە(Worden et al. p475).

تاوەکو سەدەی نۆزدە لە چین دیدی زاڵ ئەوەبوو دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دونیای دەرەوە پێویست نییە، چونکە چین ناوەندی زەمینە و ئابورییەکی خۆبژێوی هەیە، بۆیە تا سەدەی نۆزدە ستراتیجی دابڕان لە جیهان بەردەوامبوو، بەڵام دوای ئەوەی چین ڕوبەڕوی گۆڕانکاریی توندبووەوە، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هاتنە ناوەوە و دۆخەکەیان قۆستەوە، ئەمەش زەمینەی بەرپاکردنی شۆڕشی لەلایەن 'سن یات سن' لە ١٩١١ ڕەخساند، کۆتایی بە حوکمی ئیمپراتۆری هێناو پاشان تا ساڵی ١٩٤٩ چین بە قۆناغی پشێوی و جەنگی ناوخۆییدا تێپەڕی، هەروەك لە لایەن ژاپۆنەوە لە ١٩٣٧ داگیرکرا، تا ئەوکاتەی کە پارتی کۆمۆنیستی چین بەسەرکردایەتی 'ماوتسی تۆنگ' کۆماری گەلی چینی لە ١٩٤٩ دامەزراند. (النصار ٢٠٢٠ ص٧٢-٧٣)

لە ساڵی ١٩٧١ کۆماری گەلی چین جێگەی کۆماری چینی گرتەوە وەک تاکە نوێنەری چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ودواتریش لە هەمان ساڵدا چین وەک یەکێک لە پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسێنرا(World Atlas, 2020). ئەگەرچی لە ئێستادا کۆماری گەلی چین پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ١٧٥ وڵاتدا هەیە و لە ١٦٢ وڵاتدا باڵیۆزخانەکانی کردەوەتەوە (Global Diplomacy Index, 2020). بەڵام پەیوەندییە دەرەکیەکانی چین لەسەردەمی کۆماری گەلی چین، سێ ستراتیجی لە سێ قۆناغدا پراکتیزەکردووە، قۆناغی یەکەم (١٩٤٩-١٩٥٧) کە ستراتیجی (بونیادنانەوە) پەیڕەوکرا، قۆناغی دووەم (١٩٥٨-١٩٧٦) کە ستراتیجی (بازدانی گەورە و بەردەوامی مۆدێلی ماویزم) بوو، لە شۆڕشی کولتوریی و مردنی 'ماو تسی تۆنگ' کۆتاییهات، پاشان ململانێ لەسەر دەسەڵات تا هاتنی 'دینگ شیاو پینگ' لە ١٩٧٨ قۆناغی سێیەم دەستپێدەکات، کە ستراتیجی (نوێگەریی، سۆشیالیزم و چاکسازیی) سەرپێخرا (الموند، ١٩٩٧، ص٤٧).

لە قۆناغی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە ١٩٤٩، پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی چین پەیوەستی ئایدیۆلۆجیا بووە، مارکسیزم یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوە بوو، ئاڕاستەکەرو بنەمای بڕیاری سیاسەتی دەرەکی بووە، بەڵام ئەم ئایدیۆلۆجیایە ماو لەگەڵ دۆخی تایبەتی چیندا گونجاندی، چونکە سوربوو لەسەر (بەچینیکردنی مارکسیزم)، کە لەهەوێنی مارکسیزمی چینیدا بیرۆکەکانی کۆنفۆشیۆسی، تێزەکانی ماو، مێژوو و پەندە وەرگیراوەکانی ژیاریی چینی نەخش و کاریگەرییان هەبوو(الهيكل، ص ٤٥).

کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆر جیهانبینی و بونیادی ڕۆشنبیریی و سیاسی چینیان پێکهێناوە کە بریتین لە: ژیار و کولتوری چینی (کۆنفۆشیۆسی)، کاریگەریی داگیرکاری ڕۆژئاوایی، تێڕوانینی مارکسیزم-لینینیزم بۆ سیاسەت و ئابوریی کۆمەڵگا، پارتی کۆمۆنیستی چین کە لە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وەرگرتنی دەسەڵات و گۆڕینی وڵاتێکی قەبارە گەورە بۆ سۆشیالیزم سەرکەوتوبوو، کولتور و ڕۆشنبیریی لیبرالیزمی هاوچەرخ. (فضة، ٢٠٠٢، ص٢٦)

هەندێك لە توێژەرانی بواری سیاسی پێیانوایە تیۆرەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەتی ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ چیندا ناگونجێن. بە بڕوای سۆنگ (Song Dexing) سیاسەتی دەرەکی چین تیۆرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، دیدی چین بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەسەر (تیۆری ستراتیجی مەزن) کاردەکات، کە پشت بە چەند گریمانەیەك دەبەستێت لەوانە: دانایی لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی، ئارامگریی ستراتیجی لە سەرکەوتن و دەرکەوتندا، نوێگەریی بۆ ئەوەی لە گۆڕانکاریەکانی سەردەم دانەبڕێت، درککردن بە هەل و ئاستەنگەکان، دەستگرتن بە بەهاو نەگۆڕەکانەوە. پێنج بنەماکەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بەرژەوەندیی هاوبەش، بەدیهێنانی ئامانجە دوورەکان و گەیشتن بە خەونی چینی گرەنتی دەکات. لە لایەکەوە چین لەسەر تیۆری ئایدیالیزمە جەخت لە بەهاکان، بنەماکان و ئەخلاق دەکاتەوە، بەڵام ڕیالیزمیش دیوێکی تری سیاسەتی چین پێکدێنێت، چین دەیەوێت بەبێ داگیرکاریی و سەپاندنی هەژمون، لە ڕووی جیۆپۆلەتیکی فراوانخوازیی بکات، بۆیە بەردەوام توێژەرانی سەرقاڵی فۆرمەڵەکرنی دیدێکن بۆ تێگەیشتن لە ئێستاو ئایندەی چین، چونکە چین ستراتیجیی ڕابوون و گەورەبونی بەردەوامی هەیە بە شێوازی ئاشتیخوازانە، کە وەها تیۆرێك لە ئێستادا بوونی نییە (النصار، ١٩٩٧، ص٧١).

دامەزراوە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوە لە چیندا بریتین لە وەزارەتی دەرەوە، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین، بەشی کاری بەرەی یەکگرتوو، وەزارەتی دەرەوە دیارترین دەزگایە بۆ سیاسەتی دەرەوەی چین، بەرپرسی بەڕێوەبردنی دیپلۆماسیە لە دەوڵەتەوە بۆ دەوڵەت. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە دامەزراوەی هاوتای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە، بەڵام لە ڕوی کردارییەوە نابێت ئەم دووانە یەکسان ببینرێن. لە کاتێکدا وەزارەتی دەرەوە کرۆکی پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەیە لە ئەمریکا، بەڵام وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە چیندا تەنها دامەزراوەیەکە بۆ دابینکردنی پێداویستیە لۆجستیەکان لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە و نامەگۆڕینەوە. ڕونتر بڵێین وەزیری دەرەوە لە چین باڵاترین دیپلۆماتکاری چین نییە. لە ڕاستیدا تەنانەت یەکێکیش نیە لە ئەندامانی بەهێزی مەکتەبی سیاسی. بەڵکو ئەو ڕۆڵە تایبەتە بە سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوە لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی چین، کە دەزگای باڵای سیاسەتی دەرەوەیە (Fiddler,2021).

پارتی کۆمۆنیستی چینی لە بڕیاردان لە سەرانسەری ئامرازی سیاسی چیندا لە هەموو شوێنێکدا هەیە. ئەنجومەنی دەوڵەت و لیژنەی هەمیشەیی حەوت ئەندامی مەکتەبی سیاسی، تێڕوانینێکی گشتی ستراتیژی و ئامانجە درێژخایەنەکانی سیاسەتی کاروباری دەرەوەی پەکین پێشکەش دەکەن. (Ridout & Jie,2021) بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی حزب، لە میدیای بیانیدا زۆر کەم گرنگی پێدەدرێت، سەرەڕای ڕۆڵی گرنگی لە پشتگیریکردنی سیاسەتەکانی حزبدا. لە کاتێکدا کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دیپلۆماسی نەریتی دەوڵەت بۆ دەوڵەت ئەنجامدەدات، بەڵام بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حزب بە بێدەنگی دیپلۆماسیی پەیوەندییەکانی حزب بۆ حزب ئەنجامدەدات. ئەم بەشە ڕۆڵێکی ستراتیژی گرنگ و ناوازە دەگێڕێت لە دیپلۆماسی حزب. لەڕووی مێژووییەوە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی لەگەڵ حزبە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکانی تردا بەکارهاتووە. بەڵام لەم دوایانەدا ئەرکەکە فراوانتربووە و هەموو لایەنە سیاسییەکان دەگرێتەوە. ئەرکی دەستنیشانکردنی سیاسەتمەدارانی لێهاتوو و بەتوانای لە ناو پارتە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکاندا بە مەبەستی بنیاتنانی پشتیوانی بۆ ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی چین پێسپێردراوە. (Ridout & Jie,2021).

دواهەمین دەزگا لە سیاسەتی دەرەکی چیندا بەشی کاری بەرەی یەکگرتووە، هەندێك بە ئاڵۆزترین دامەزراوەی دەرەکی دادەنێن. ئەم دەزگایە ڕۆڵێکی ناوازە و گەورە لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی چین دەگێڕێت. لە کاتێکدا کە وەزارەتی دەرەوە دەوڵەت دەکاتە ئامانج، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان حزب دەکاتە ئامانج، ئەمیان خەڵک دەکاتە ئامانج. دەزگاکە چەندین بەشی حزب و حکومەت لەخۆدەگرێت. یەکێك لەوانە فەرمانگەی کاروباری چینیەکانی دەرەوەی وڵاتە. یەکێک لە ئەرکەکانیان بریتییە لە گەیشتن بە گرنگترین کەسانی ناو ڕەوەندی چینی، کە

ژمارەیان نزیکەی ٤٠ ملیۆن کەسە و زۆربەیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نیشتەجێن. بە کورتی ئامانجی دروستکردنی پشتگیریی دەرەکیە بۆ چین. کارێکی تری ئەم دەزگایە بەکارهێنانی سەرمایەدارە سوورەکانی چینە. سەرەتا وا بیر دەکرایەوە کە سەرمایەدارە سوورەکان ئەو چینە بازرگانییە پیشەییەن کە لە ناوەوە چاکسازیی لە حزبدا دەکەن و چین دەهێننە ناو دیموکراسییەکەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە سەرمایەدارە سوورەکان لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە بۆ ئەوەی داواکارییەکانی حزبەکە لە جیهانی بازرگانیدا ئەنجامبدەن (Fiddler,٢٠٢١).

## باسی دووەم/ بنەما و قۆناغەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا:

ئامانجە فەرمییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە هەموو نووسینگە و فەرمانگەکانی وەزارەتی دەرەوەدا، وەک لە کارنامەی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە ئاماژەی پێکراوە، بریتین لە "بونیادنان و بەردەوامیی جیهانێکی دیموکراسیتر و ئاسایش و ئاوەدانتر بۆ بەرژەوەندی گەلی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی(Department of State, 2022). لیژنەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا وەک هەندێک لە ئامانجە دەسەڵاتدارییەکانی خۆی دەڵێت "کۆنترۆڵی هەناردەکردن، لەوانەش بڵاونەکردنەوەی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی و ڕەقە کاڵای ئەتۆمی، ڕێوشوێنی پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی نێودەوڵەتی و پاراستنی بازرگانی ئەمریکی لە دەرەوەی وڵات، ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی کاڵا، پەروەردەی نێودەوڵەتی و پاراستنی هاوڵاتیانی ئەمریکی لە دەرەوەی وڵات"( Committee on Foreign Affairs,2022) .

مادەی دووەمی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەسەڵاتی سیاسەتی دەرەوە دەداتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەوانە دەسەڵاتی فەرماندەیی سەربازیی و دانوستان لەسەر پەیماننامەکان و دیاریکردنی باڵیۆز. وەزارەتی دەرەوە سیاسەتی دیپلۆماسی سەرۆک جێبەجێدەکات، لە کاتێکدا وەزارەتی بەرگریی سیاسەتی سەربازیی سەرۆک جێبەجێدەکات. دەزگای هەواڵگریی ناوەندی دەزگایەکی سەربەخۆیە و لە کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگریی لەسەر چالاکییە بیانییەکان بەرپرسیارە. هەندێک پشکنین و هاوسەنگی (Checks & Balances)بۆ دەسەڵاتەکانی سەرۆک لە سیاسەتی دەرەوە لە لایەن کۆنگرێسەوە بەکاردەهێنرێت. ئەو پەیمانانەی سەرۆک کۆمار دانوستانیان لەسەر دەکات، پێویستیان بە پەسەندکردن لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە هەیە، تا وەک یاسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. کردە سەربازییەکان سەرەتا لەلایەن هەردوو بەشی کۆنگرێسەوە پەسەند دەکرێن. دەستوور دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ بە کۆنگرێس دەدات. سەرۆک کۆمار فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکایە. بە ڕاوێژ و ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران وەزیری دەرەوە و باڵیۆزان دیاری دەکات. لە ئەمریکادا لە جیاتی وەزیری دەرەوە وشەی سکرتێر بەکاردەهێنرێت، سکرتێر بە هەمان شێوەی وەزیری دەرەوە مامەڵە دەکات، کە بەڕێوەبەری سەرەکی دیپلۆماسی دەوڵەت بۆ دەوڵەتە. (JENTLESON, 2014, p29-52)

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهانی هێزێکی تازەیە، وەك ئیمپراتۆری چینی، ڕوسی، ڕۆمانی، ئیسلامی، بەریتانی قوڵایی مێژوویی نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا کۆلۆنیەکی بەریتانی بووە و لە سەرەتای سەدەی شازدەوە دروستکراوە. ئەمریکا بەدرێژایی سێ سەدە لەسەر دەستی بەریتانیەکان خەملی و خۆی لە ١٣ ویلایەتی ڕۆژهەڵاتدا بینیەوە، بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەمریکی (١٧٧٦-١٧٨٣) ئەو وڵاتەی لە ژێردەستەیی بەریتانیەکان ڕزگارکرد و بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لەسەرەتاوە خاوەن دەستور و لەسەر بنەمای دیموکراسی و لیبرالیزم دامەزرا. دوای سەربەخۆیی تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدە ئەمریکا هێزێك بوو لە ناوەوەی خۆیدا کاریکرد و بە ئاڕاستەی سنورەکانی ڕۆژئاوای سەرقاڵی فراوانخوازیی بوو، ئەگەرچی لەگەڵ هێزە کۆلۆنیالیستەکانی وەك بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، بەریەککەوتنی بۆ دروستبوو، بەڵام ئەو بەریەککەوتنانە سنورداربوون و لە ڕێگەی دیپلۆماسیەوە چارەسەرکران.

ئەمریکیەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیانەوە خوازیاربوون دووربن لە ململانێ ناوخۆییەکانی ئەوروپا، بۆیە سەرۆکی ئەمریکا 'جۆرج واشینگتۆن' یارمەتی شۆڕشگێڕانی فەرەنسای نەدا کاتێك لە ململانێدابوون لەگەڵ هێزە ئەوروپاییەکان. ئەو دیدە ڕیالیستییە بەرژەوەندیخوازە بەدرێژایی سەدەی نۆزدە بەردەوامبوو، سەرۆکی ئەمریکا 'جەیمس مۆنرۆ' لە ١٨٢٣ پرۆژەیەکی ئاڕاستەی کۆنگرێس کرد، کە دواتر بە (بنەمای مۆنرۆ) ناسرا. لەو پرۆژەیەدا کە هەوڵی ڕێگریی دەستوەردانی ئەوروپاییەکان لە کاروباری کیشوەرەکە و کۆمارە تازە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دامەزراوەکانی ئەمریکای لاتین دراوەو بە دژکاریی ئەمریکا دانراوە، هەروەها هەڕەشە لە ڕوسیا دەکات کە لە کەناری زەریای هێمن پێشڕەوی نەکات. ئەم پرۆژەیە بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکای بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم دانا، کە لە بنەڕەتدا ئامانجی پارێزگاریکردن و داکۆکی کردنبوو لە بەرژەوەندی ئەمریکا، بەوەی کە کیشوەری ئەمریکای باکور و باشوری لە ڕێگەی بەربەستی ئۆقیانوسی ئەتڵەسی لە ئەوروپا دابڕی (سەبعاوی،٢٠١٠، ل١٣٨).

یەکەم پەیوەندی فەرمی لەنێوان ویلایەتە یەکگرتوەکان بە ڕۆژهەڵاتی دوور بۆ ساڵی ١٨٤٤و دوای جەنگی ئەفیۆن لەنێوان بەریتانیا و چین دەگەڕێتەوە، حکومەتی ئەمریکی لەپەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی هەمیشە جەختی لەسەر یەکسان بوون لەماف و جیاووکە بازرگانیەکانی کە وڵاتان دەکردەوە. بەر لە کۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدە، ئەمەریکا چاوی لەسەر چین بوو، کە لەلایەن چەند دەوڵەتێکی ئەوروپییەوە بۆ چەند ناوچەیەکی وەبەرهێنانی بازرگانی دابەشکرابوو(سەبعاوی،٢٠١٠، ل١٩٢). لەم بارەیەوە یەکەم هێما و ئاماژە دوای جەنگی ئیسپانی - ئەمەریکی، سەرهەڵدانی ئاڕاستەیەکی نوێی دیپلۆماسی بوو لەکاروباری جیهاندا، ئەویش ڕاگەیاندنی سیاسەتی (دەرگای کراوە) بوو لەلایەن دەسەڵاتدارە ئەمەریکیەکانەوە (هیز، ٢٠٠٥، ص٢٤٧). ئەمەش مانای وابوو دەرگاکانی چین بەکراوەیی لەبەردەم ئازادیی بازرگانی هەموو وڵاتانی جیهاندا بمێنێتەوە (نەعنەعی، ل١٥٢).

جەنگی سارد سیستەمێکی دوو جەمسەری مەترسیداری لە هاوپەیمانێتی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان دژی سۆڤیەت دروستکرد، بەڵام دوای هەرەسی سۆڤیەت هەندێك دۆخەکەیان بە سەردەمی تاکجەمسەری، زۆریش بە فرەجەمسەری ناوزەد کرد. سیستەمێک کە پرسیارێکی کۆنی بە بیر ئەمریکاییەکان هێنایەوە: ئایا پێویستە ئەمریکا لە لای نزیک یان دووری زەریاکان بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی بکات؟ بۆ زۆربەی مێژووی ئەمریکا، گریمانە دەکرا کە بەگشتی دەبێ لە کەناراوەکانی خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەوەی ڕویدەدا لە دەرەوە کەمتر بە ژیانی ئەمریکیەکانەوە پەیوەستبوو. هەندێک دەڵێن ئەمریکییەکان بە سروشت بە گۆشەگیریی لە دایکدەبن، بەڵام لەگەڵ ڕوداوی (پیرل هاربەر) لە ساڵی ١٩٤١دا، لە نێوان گۆشەگیریی و بەشداریکردنی بەرفراوان لە کاروباری جیهاندا، دووەم هەڵبژێردرا، سەرەتا لە بردنەوەی جەنگی جیهانی دووەم و دواتر جەنگی سارد. لەو دوو قۆناغەدا گۆشەگیریی بژاردەیەکی باش نەبوو، پرسیارەکە ئەوەبوو ئایا دوای ڕەوینەوەی ئەو دوو مەترسیە ئیدی کاتی گەڕانەوەیە بۆ گۆشەگیریی؟ لەگەڵ کۆتایی جەنگی سارد و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی بودجە لە ناوخۆی ئەمریکا، هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا بچووککرانەوە. جۆرج بوش و بیل کلینتۆن لە دەرەوەی وڵات زۆر کەم هێزە سەربازییەکانیان بەکارهێناون. دوای ١١ی سێپتەمبەر، بوشی کوڕ هێزەکانی ئەمریکای خستە ناو جەنگێکی دوردرێژ لە ئەفغانستان و عێراقەوە. هەرچەندە بەپێی ڕاپرسیەکان زیاتر لە ٧٠٪ی ئەمریکییەکان پشتگیریان لە جەنگی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ کردووە، بەڵام تا ساڵی ٢٠٠٦ هەمان ئەو ڕێژەیە پێیانوابوو هەڵە بووە. بۆیە زۆرێك لە ئاگایانی سیاسەتی دەرەکی لە پەیوەست بەو پرسە بە ناجێگیر دەزانن (Rosken et al. ٢٠١٧, P٣٤٥)

دارمانی یەکێتی سۆڤیەت ڕوبەرێکی گەورەتری لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەی سیستەمی نوێی جیهانی واڵاکرد، کە تێیدا ئەمریکا جەختی لەسەر مەزنی خۆی کردەوە و دووبارە خۆی بۆ سەپاندنی هەژمونی گەردونی سازدایەوە، پاشان هەر لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵێك ئامرازی پێویستی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی مەترسیە چاوەڕوانکراوەکان خستەڕوو، هەروەها ئەو هۆکارە گرنگانەی کە بەردەوامی دەدەن بە سیستەمی تاکجەمسەری بەبێ کێبەرکێکار، لە ڕێگای بەکارهێنانی تاکلایەنی دەسەڵاتی بڕیاری نێودەوڵەتی بە بەکارهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، گرنگی نەدان بە ڕەوایی نێودەوڵەتی و پێشێلکردنی چەمکی سەروەریی نێودەوڵەتی بە بەکارهێنانی بیانوی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، تیۆری دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە، بەکارهێنانی هاندان و تۆقاندن لە چوارچێوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەکارخستنی هێزی سەربازیی لە ڕێگەی بڵاوەپێکردنی کەشتیگەلی فڕۆکە هەڵگری جەنگی لە ئوقیانوسەکانی هندی و هێمندا. هەروەها بونیادنانی بنکەی سەربازیی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەکارهێنانی شۆڕشی زانیارییەکان بۆ خزمەتی سیستەمی ئاسایشی و جەنگی، پەرەپێدانی هەواڵگریی، سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی، چاودێریکردن لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە، بە بیانوی پاراستنی بەرژەوەندییەکان، بە تایبەت بەرژەوەندیی ئیسرائیل و سەرچاوەکانی وزە و پاراستنی هاوپەیمان و دۆستەکانی خۆی (العلیاوي،

٢٠١٨، ص ٦١٨).

بەبڕوای جینتڵسن بەرژەوەندی نیشتیمانی ئەمریكا خۆی لە چوار پرەنسیپ دەبینێتەوە، کە ناوی ناون چوار پیەکە (The 4 Ps) کە بریتین لە (هێز power، ئاشتی peace، خۆشگوزەرانی prosperityو بنەماكان principles). بەرژەوەندی نەتەوەیی نزیکەی هەمیشە دوو یان زیاتر لە چوار بنەما تێکەڵدەکات، هەرچەندە هەندێکجار هەر چوار ئامانجە سەرەکییەکە تەواوکەرن و دەتوانرێت لە ڕێگەی هەمان سیاسەتەوە جێبەجێ بکرێن، بەڵام زۆرتر ئاڵوگۆڕ و گرژی و هەندێکجاریش ناکۆکی گەورە دروستدەکەن. هەندێکجار فاکتەری هێز و خۆشگوزەرانی دەبنە بنەمای سیاسەتی دەرەکی، هەندێك جاریش بنەما و بەها ئەمریکیەکانی وەك بڵاوکردنەوی دیموکراسی و مافی مرۆڤ تێکەڵ بە بەرژەوەندییە ئابوریی و خۆشگوزەرانیەکانی ئەمریکا دەبن، ئەو هەروەها زیاتر لەسەری دەڕوات و دەڵێت، "لە دانانی ئەم چوارچێوە شیکارییەدا، بەرژەوەندیی نیشتمانی ئەمریکا لە بەرانبەر بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دژیەك نین. لەڕاستیدا بەرژەوەندیی نیشتمانی ئەمریکا تادێت پەیوەندیی بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە زیاتر دەبێت. ئەمە پەیوەندییەکی تۆکمە نییەو پێدەچێت هەرگیز نەبێت کە بەرژەوەندی نیشتمانی ئەمریکا و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی تێدا بە تەواوی هاوئاهەنگ بن. مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە کە تا چەند پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. بۆ نموونە، ئیدارەی جۆرج بوش ڕەخنەی لە ئیدارەی کلینتۆن گرت کە گوایە سیاسەتێکی دەرەوە پەیڕەو دەکات کە تێیدا بەرژەوەندی نیشتمانی بە بەرژەوەندی مرۆیی یان بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگۆڕدرێت. لە لایەکی دیکەوە، لەنێوان ڕەخنە سەرەکییەکانی سیاسەتەکانی ئیدارەی بوش خۆی ئەوە بوو کە زۆرجار بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکایان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دژ دەبینی و ئەمەش سەلماندی کە لە بەرژەوەندیی کەسدا نییە. چەمکی ئۆباما بۆ "ئاسایشی هاوبەش بۆ مرۆڤایەتی هاوبەشمان" ڕێبازێك بوو کە مشتومڕی زۆری هێنایە ئاراوە(JENTLESON,2014, P8-9) .

دوای ئەوەی پارێزگارە نوێیەکان (نیۆکۆنسێرڤەتیڤ) چالاکیە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایان لە دەستگرت، تیۆری سەدەی نوێی ئەمریکایان هێنایە ئاراوە، کە بریتیبوو لە:

أ. هەڵگیرساندنی کۆمەڵێك جەنگی سنوردار و بەرفراوان لەسەر ئاستی جیهان، بە بیانوی بەرپەرچدانەوەی تیرۆر، بەدیهێنیانی ئاسایش جیهانی، لەکاتێکدا ئامانج ڕوبەڕوبونەوە و گەمارۆدان و دابڕین و ڕوخاندن و لاوازکردنی ڕژێمە نەیارەکانی ئەمریکا بوو.

ب. دوبارە داڕشتنەوەی هاوپەیمانێتیە ناوچەییەکان، بەجۆرێك ڕێگە بۆ هەژمونی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان خۆشبکات، تا دەست بەسەر نەوتی جیهاندا بگرن.

ج. بانگەوازکردن بۆ جیهانگیریی و بەدیموکراسیکردنی ئابوریی بازاڕ.

د. گۆڕانکاریی لە ململانێ هەرێمیەکان و بەڕێوەبردنی ململانێکان بە ئامرازی جیاواز و دروستکردنی دوژمنی نوێ، گۆڕینی مەترسی کۆمۆنیزم بۆ مەترسی تەوژمی ئیسلامی و دورخستنەوەی هێزە گەورەکانی وەك چین و ڕوسیا لە ناوچەی ململانێکان لە ئاسیا و ئەوروپا.

ە. فراوانکردنی ناتۆ بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و باشوری دەریای ناوەڕاست، بۆ ئەوەی بیانوو هەبێت تاوەکو بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لەوێدا بمێننەوە، هەروەك ڕێگە بگیرێت لە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی فەرەنسی و ئەڵمانی و دابڕینی ڕوسیا لە یەکێتی ئەوروپا.

و. جڵەوکردنی ڕوسیا و چین، لەڕێگەی ناتۆوە بەو پاساوەی کە ناتۆ پۆلیسی جیهانە، تاوەکو دەست بەسەر سەرچاوەکانی وزە و ڕێگا نێودەوڵەتیەکان و ناوچە زیندوەکان بگرێت(العلیاوی، ٢٠١٨، ص ٦١٨-٦١٩).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## باسی سێیەم/ پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا:

پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا لە قۆناغی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد پەیوەندیەکی ئارام و سەقامگیرنەبووە، بەڵکو بە چەندین قۆناغی بەرزیی و نزمیی و بەریەککەوتن و قەیرانی توند و نەرم و ئاڵوگۆڕی بازرگانی تێپەڕیووە. ئەگەرچی لە پەیوەندییە ئابورییەکاندا پشت بەیەکبەستن لەنێوان هەردوو وڵاتدا گەشەیکرد، بەڵام هێشتا خەریکی خۆپڕچەککردن و چاودێریکردنی یەکتربوون، چەندین فاکتەری جۆراوجۆری (ئاسایشی، ئابوریی، سیاسی، ...تاد) پەیوەندییەکانی ئاڵۆز و قورس کردبوو (Sutter,P131).

لەسەر ئاستی سیاسەتی جیهانی، سەرباری ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك سەرکەوتوو لە جەنگی سارد هاتە درەوە و بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی بووە بونیادێکی تاکجەمسەریی، بەڵام نەیتوانی قەیرانی وڵاتانی وەك سۆماڵ و کۆڵۆمبیا چارەسەر بکات، کە ڕاستەوخۆ دوای جەنگی سارد کەوتنە کێشەی ناوخۆیی. هەروەك نەیتوانی ڕێگریی لە کارەساتە مرۆییەکانی ڕواندا و کۆنگۆ بکات، هەروەها سەرکەوتوو نەبوو لە چارەسەرکردنی مەترسیەکانی عێراق لە کەنداو، سیستەمە نەیارەکانی کوبا، لیبیا، کۆریای باکور و کۆنگۆی بۆ نەڕووخا. لە لایەکی ترەوە کاریگەریی لەسەر دۆستەکانیشی لە یەکێتی ئەوروپا و ژاپۆن کەمیکرد. لە ئاکامدا ئەوەش بوەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی چیندا نەکات (برهم، ص٦٧). بەڵکو هەوڵی دا چین بکاتە لایەنێکی سەرەکی پرۆسەی بەجیهانی بوون (گلۆبالیزەیشن)، بەو ئامانجەی ڕیفۆرمی ئابوری و بڵاوبونەوەی بەها لیبرالیەکان لە ئەنجامدا دەبنە هۆی میانڕەوکردنی چین لە سیاسەتی دەرەکیدا.

لە سەرەتاوەوە ئەمریکیەکان هێشتا ڕەخنەکانیان لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی تیانەمین بەردەوامبوون، کلینتۆن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢، بە توندی ڕەخنەی لە جۆرج دەبلیو بوش دەگرت کە پەیوەندییە بازرگانیەکانی خستوەتە پێش کێشەکانی مافی مرۆڤ لە چین. هاوکات لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ دەستبەکاربونی لە کۆشکی سپی، لە پەیوەست بە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ چین خوازیاری بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانج بوو کەزیاتر لە بواری بەها ئەمریکیەکاندابوون، لەوانە: کۆچکردنی ئازاد، هەناردەنەکردنی ئەو کاڵایانەی لەلایەن کرێکاری زیندانەکانی چینەوە دروستکراون، ئازادکردنی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز، مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان بە ستانداره نێودەوڵەتیەکان، داننان بە تایبەتمەندی کولتوریی هەرێمی تبت، ڕێگەدان بە ڕووماڵکردنی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆ نێودەوڵەتیەکان(Song,2009,p63) .
لەو قۆناغەوە پەیوەندیەکان بە قۆناغێکی دژواردا تێپەڕین تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٦، سوپای چین مەشقی سەربازی لە گەرووی تایوان ئەنجام دا، لە هەوڵێکی ئاشکرادا لەلایەن کۆماری چینەوە وەك نیشاندانی هێز پێش هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئەوەش قەیرانێکی سیاسی و دیپلۆماسی لێکەوتەوە ناسرا بە قەیرانی سێهەمی گەروی تایوان. لەوەڵامدا ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستبەجێ دوو گروپی جەنگی فڕۆکەهەڵگری ڕەوانەی هەرێمەکە کرد. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم گرژییەکانی تایوان کەمبووەوە و پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و چین پەرەیسەندەوە، لەگەڵ زیادبوونی ئاستی بەرزی ئاڵوگۆڕ، و پێشکەوتن لەسەر چەندین کێشەی دووقۆڵی، لەوانە مافی مرۆڤ، ئاڵوگۆڕی بازرگانی. سەرۆکی چین جیانگ زێمین لە پاییزی ساڵی ١٩٩٧ سەردانی ئەمریکای کرد، هەردوولا گەیشتنە ڕیکەوتن و قۆناغێکی تازە لە پەیوەندییەکانیان دەستپێکرد. (pye,1998).

جیانگ و کلینتۆن (لە بەیاننامە هاوبەشەکەیان لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) ئاڵوگۆڕێکی بەرهەمدارانەی بیروڕایان لەسەر دۆخی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین و ئەو گرفتە گرنگانەی کە ڕووبەڕووی دوو وڵات دەبنەوە خستەڕوو. ڕایانگەیاند کە لەپەیوەندییەکەیاندا بەرەو هاوبەشییەکی ستراتیژی بنیاتنەر دەڕۆن. بڕیاردرا بۆ ئاسانکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات، هێڵی گەرمی ڕاستەوخۆی نێوان واشنتۆن و پەکین بکرێتەوە، هەروەها ئەمەریکا و چین پابەندبوونی خۆیان بە دیالۆگی ئاسایی سەرکردایەتی دووپاتکردەوە.

بڕیاردرا کلینتۆن ساڵی داهاتوو سەردانی چین بکات، پابەندبوونی خۆیان بە ئاڵوگۆڕە ئاساییەکانی سەر ئاستی وەزیرەکانی حکومەت و بەرپرسانی لاوەکی نوێکردەوە بۆ ڕاوێژکردن لەسەر مژارەکانی سیاسی، سەربازیی، ئاسایش و کۆنترۆڵی چەک دووپاتکردەوە، هەروەها چین جەختی لەوە کردەوە کە پرسی تایوان گرنگترین و هەستیارترین پرسی بنەڕەتییە لە پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکادا، مامەڵەکردنی گونجاو بۆ ئەم کەیسە لە پابەندبوونی توند بەو بنەمایانەی کە لە سێ لە ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکەدا هاتووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دووپاتیدەکاتەوە کە پابەندە بە سیاسەتی یەکپارچەیی خاکی چین. جیانگ خواستی وڵاتەکەی بۆ گفتوگۆکردنی ئاشتیانە لەسەر کێشەی تایوان دووپاتکردەوە، بەڵام گوتیشی ئێمە پابەند نابین بە وازهێنان لە بەکارهێنانی هێز، وتی ئەم لێدوانە ئاراستەی (هاونیشتمانیان) نەکراوە لە تایوان، بەڵکو وەڵامێکە بۆ هەوڵی هێزە دەرەکییەکان بۆ دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی چین و ئەوانەی هەوڵی بەدەستهێنانی جیابوونەوەی وڵات یان سەربەخۆیی تایوان دەدەن (Frost, 2022).

بازرگانی بابەتێکی بەهێزی سەردانەکەی جیانگ بوو، جیانگ چاوی بە ژمارەیەک لە گەورە بازرگان و گروپی بازرگانی ئەمریکی کەوت، ڕێکەوتنێك کرا کە چین ٥٠ فڕۆکەی ئاسمانی جۆری بۆینگ بکڕێت بە بەهای ٣ ملیار دۆلار. چین خواستی خۆی ڕاگەیاند بۆ بەشداریکردن لەڕێککەوتننامەی زانیاریی و تەکنەلۆجیا، لیستێکی دیاریکراو لەبەرهەمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری کەبۆی هەیە تا ساڵی ٢٠٠٠ بەئازادی بازرگانی لەگەڵ بکرێت ئامادەکرد. لە دانوستانەکان لە بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO) چین پابەندبوونی خۆی بە کەمکردنەوەی گومرگی زیاتر ڕاگەیاند. هەرچەندە، هەردولا پابەندبونی خۆیان بە ئەندامبونی چین لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ڕاگەیاند، بەڵام ئەمریکا نەیویست ڕۆژەکەی دیاریبکات، ئەمریکا ترسی لە قەبارەی بازرگانی و هەناردەی چین هەبوو، کە بازاڕە جیهانیەکان تێکبدات. یەکێکی تر لە مەترسییەکان پرسی (دەوڵەتی زۆر دۆست) بوو کە یەکێکە لە بنەما و پرەنسیپە سەرەکیەکانی (WTO) کە ڕێگەی نەدەدا ئەندامانی جیاوازی لە نێوان هاوبەشە بازرگانیەکان بکەن. بەڵام ئەو پرسە یەکێك بوو لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا و ساڵانە بۆ فشارخستنە سەر چین نوێی دەکردەوە(Frost, 2022).

تەوەرێکی گرنگی گفتوگۆکان بڵاونەبونەوەی چەکی کۆکوژ و سنوردارکردنی خۆپرچەککردن بوون، دابین کردنی ماددەی ناوەکی (ئەتۆمی) بۆ وڵاتان لەوانە ئێران و پاکستان یەکێک بوو لەو بابەتانەی کێشمەکێشی لە پەیوەندیی دووقۆڵی چین و ئەمریکا دروستکرد. کاربەدەستانی ئەمریکا هیواداربوون بگەنە ڕێکەوتنێك لەگەڵ چیندا کە فرۆشتنی موشەك و تەکنەلۆجیای موشەکی بە ئێران ڕابگیرێت. چین بە نوسراو بەڵێنیدا کە ناچێتە ناو هیچ (هاوکارییەکی ناوەکی نوێ) لەگەڵ ئێران. لەبەرانبەردا، کلینتۆن ڕەزامەندییدا کە تەکنەلۆجیای ناوەکی ئاشتیخوازانە هەناردەی چین بکات. لە پەیوەست بە پرسی مافەکانی مرۆڤ، هەردوو سەرۆك بە ڕاشکاوانە وتیان کە ئەمریکا و چین جیاوازی گەورەیان لەسەر مافەکانی مرۆڤ هەیە. هەردولا تا ڕادەیەک لە سەر مافەکانی مرۆڤ ناکۆک بوون. کاتێک جیانگ چووە سەر باسکردنی کێشەکانی جیاوازیی کولتوریی گوتی کە "مافی مرۆڤ دەبێت بە دۆخی تایبەتی نەتەوەکان و وڵاتانی جیاواز دیاریبکرێت". کلینتۆن بەرپەرچیدایەوە کە "لەسەر ئەم بابەتە، ئێمە پێمانوایە سیاسەتی حکومەتی چین بە پێچەوانەی ئاڕاستەی مێژووەوە دەجوڵێت"(Clinton library, 2022) .

ئەم سەردانەی زیمینگ پەیوەندیە دووقۆڵیەکانی بردە قۆناغێکی نوێیەوە، ڕیگای خۆش کرد بۆ سەردانی کلینتۆن لە ساڵی داهاتوو بۆ چین، لە ٢٥ی حوزەیران- ٣ی تەمموزی ١٩٩٨ کلینتۆن دەوڵەمەندترین گەشتی نۆ ڕۆژەی بۆ چین ئەنجامدا، سەردانی ناوچەکانی پەکین، شەنگهای، گویلینی کرد .(Office of the historian,2022) لە دامەزراندنی کۆماری گەلی چینەوە، یەکەم سەرۆکی ئەمریکا بوو سەردانی مەیدانی هۆنگ کۆنگ بکات، لە زانکۆی پەکین وتەیەکی پێشکەشکرد، لە ڕێگەی ڕادیۆوە قسەی بۆ هاوڵاتیانی شەنگهای کرد، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردەوە کە شاندەکەی کلینتۆن بۆ چین زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بووە، کە گەورەترین گروپی هەموو سەردانکەرانی

سەرۆکەکانی ئەمریکا بووە (CGTN,2022) بەڵام هەموو شتێك بە ئاسانی تێنەپڕی، بەڵکو سەرباری هەموو ئەو پێشکەوتنە گرنگانە لە پەیوەندیەکانی هەردولا، بە تۆمەتی ئەوەی زانایەکی ئەمریکی بە ڕەگەز چینی، بەناوی (وین هو لی) لە تاقیگەی نەتەوەیی (لۆس ئەلامۆس) نهێنی تەکنەلۆجیای ناوکی ئەمریکای داوەتە پەکین (Purdy,2001). هەروەها باڵیۆزخانەی چین لە بێلگراد لە سربیا لە مانگی ئایاری ١٩٩٩ بۆردومانکرا لەکاتی هێرشەکانی ناتۆ بۆ سەر سربیا، جارێکی تر پەیوەندییەکان ئاڵۆزییان تێکەوتەوە، بەڵام کۆشکی سپی ڕونکردنەوەیدا کە ئەوە بەهۆی هەماهەنگی هەڵەی نێوان هەواڵگریی و سوپاوە ڕویداوە، بەڵام چینیەکان پێیانوابوو بە ئەنقەست کراوە. پەکین بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بە خۆپیشاندانی گەورەی دژی ئەمریکا کرد. بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ پەیوەندییەکان وردە وردە پەرەیان پێدرایەوە. لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ لەسەر قەرەبووکردنەوەی زیانە موڵکی ودیبلۆماسی و مەعنەویکانی خێزانی قوربانیە چینیەکانی بەلگراد ڕێکەوتن (Gries,2001,p25-43). لە ٢٠٠١ەوە پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا بە بە ئاڕاستەی پەیوەندییەکی ئەرێنی و هاوسەنگ دەچوو، هەریەکەیان بە کۆمەڵێك پرسی دیکەوە سەرقاڵبون، وادەردەکەوت کە خواستی توندکردنی ململانێکانیان لەو قۆناغەدا نییە. پەرەسەندنی پشتبەیەك بەستنی ئابوریی و هەماهەنگی لەکۆمەڵێك پرسی ئاسیایی و جیهانی، خواستی حکومەتەکانی بە ئاڕاستەی جەختکردنەوە لە دروستکردنی پەیوەندییەکی ئەرێنی و بونیادنەر لە نێوان هەردولادا زیاترکرد. هاوکات جیاوازییە ستراتیجی، ئابوریی، سیاسیەکان بە بەهێزی مانەوە، پرسەکانی (تایوان، ژاپۆن، کۆریای باکور، ئاڕاستەکانی ئابوری نێودەوڵەتی، کاروباری ناوخۆیی سیاسی ئەمریکا و چین و چەندین پەرەسەندی دیکە) بەربەستی گەورەی هەماهەنگی زیاتری هەردوو وڵات بوون و بەدگوومانی هەرهەبوو، هەمیشە بۆ ئەگەری گۆڕانکاریی لەسەر پێبوون، بەمجۆرە شێوازێکی دوولایەنە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا - چین دەرکەوت، لەلایەکەوە هاوکاریی و هەماهەنگی بونیادنەرانە، لە لایەکی ترەوە پلانی لەپڕ و دەستی دەستیکردن بە یەکتر بووSutter (p131-132 ).

چین دوای دانوستانێکی درێژخایەن لەسەر کردنەوەی بازاڕەکانی بەڕوی دەرەوەدا ڕەزامەندیی دەربڕی، هەروەها قبووڵی کرد کە هاوبەشە بازرگانییەکانی بتوانن چەندین میکانیزمی نائاسایی بەکاربهێنن کە کەرەستەی هاوردەی چین لە بازاڕەکانیاندا سنووردارbکەن، لە ئاکامداو لە ساڵی ٢٠٠٢ پەیوەندیی بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO) کرد، ئەوە ڕوداوێکی مێژووی گرنگ بوو کە چین وەك گەورەترین وڵاتی جیهان لە ڕوی قەبارەی دانیشتوانەوە تێهەڵکێشی سیستەمی ئابوریی جیهانی بوو. بۆ بەدەستهێنانی چوونە ناو ئەو دەزگا بازرگانییەی کە بنکەکەی لە جنێڤە، گریمانەی هاوبەشە بازرگانییەکانی چین ئەوە بوو کە بە لیبرالیزەکردنی ئابوریی چین، وڵاتەکە دەخاتە سەر ڕێگایەک کە وردە وردە بەرەو بازرگانی ئازادی ڕاستەقینە هەنگاوبنێت (China and the WTO) کاتێك هو جینتاو بووە سەرۆکی چین لە ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، تەنها دوای ماوەیەکی کەم لە دەسبەکاربونی، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣، پلانی دەستوەردانی زیاتری دەوڵەتی لە لە کاروباری ئابوریی وڵاتەگەیدا دانا، ئەوەش بۆ ئەندامانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی پێشبینی نەکراوبوو. نزیکەی سێ ساڵ دوای دەستبەکاربوونی لە دەسەڵات، چین بەرەو جێگیرکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و حزب بۆ کۆنترۆڵکردنی ئابووریی، پیشەسازیی، و کۆمپانیاکان کاریکرد، ئەمەش پێچەوانەبوونەوەی ئەو ڕێگەیە بوو کە لە سەردەمی جیانگ زیمینگدا لە ڕیفۆم کردنی بازاڕ دەستی پێکرابوو. بۆ چارەسەری ئەو گرفتە، بەرپرسانی ئیدارەی بوش بژاردەکانیان سنووردارbوو، چونکە سەپاندنی باج بە شێوەیەکی تاکلایەنە لەسەر کاڵا چینییەکان، پێشێلکارییەکی گەورەی یاساکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بوو. هەروەها شەڕی ئابووریی نێوان واشنتۆن و پەکینی دادەگیرساند. (Ezell, Stephen ITIF سەرباری جیاوازیەکانیان، لەو ماوەیەدا ئابووریی ئەمریکا و چین بەجۆرێک وابەستەبوون کە هەندێك بە (چیمێریکا) ناویان لێناوە، بە ناردنی کاڵا بۆ بەکارهێنەرانی ئەمریکی، چین ساڵانە سەدان ملیار دۆلاری کەڵەکە دەکرد، لای خۆیەوە ئەمریکا بە ڕێژەی کەمی پاشەکەوتکردنی بۆ بارمەتیدانی هێشتنەوە ڕێژەی سوود بەنزمی، پشتی بە هاتنی سەرمایەی چینی و سەرمایە لە گەلانی دیکەوە بەستبوو. پەکین بۆ ئەوەی هێزە کارە بەرفراوانەکەی لە هەژاری دەربهێنێت، هەلی کاری بەرهەمهێنانی بەدەستهێنا، لە کاتێکدا ئەمریکییەکان لەگەڵ گرێبەستی خانووبەرە بە شێوازی قیست، ئامێری ئەلیکترۆنی و جلوبەرگ و کاڵای دیکەی هاوردەکراوی هەرزانیان دەستکەوت. بەرپرسانی ئەمریکا پێیانوابوو هەر

ململانێیەکی بازرگانی لەگەڵ چین، چیمێریکا و ئابووریی جیهانیش دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە ڕوویان لە بەکارهێنانی ئامرازی دیپلۆماسی کرد، هەروەك چینیش نەیدەویست وا دەربکەوێت لە پێش دازی گەلەگەی و جیهانیش کە بە ئاڕاستەی خۆ بەدەستەوەدانە بۆ فشارەکانی ئەمریکا .(BLUSTEIN, 2009)

بەڵام ئەم جۆرە گەشبینییە وەك خۆی دەرنەچوو، لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٣ەوە چین نرخی ئاڵوگۆڕی دراوەکەی دابەزاند، دواتر بۆ چەند ساڵێک بەردەوام لە ئاستێکی دەستکردی نزمدا هێشتیەوە، ئەمەش سوودی کێبڕکێی بەرچاوی بە هەناردەکارانی چین بەخشی. بەوەش دیاردەیەکی خراپ لە بازاڕەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت لە ئەمریکا سەریهەڵدا کە بە (شۆکی چین) ناسراوە، ئاماژەیە بۆ لەناوچوونی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان لە ژمارەیەک لە ناوچەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی دەرئاسا کەوتنە ژێر هەژموون و کاریگەریی هاوردەکردنی کاڵای چینیەوە. چین لە سەرەتاوە هەوڵیدا نیگەرانی بێگانەکان برەوێنێتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ پەکین لەپێناو سەپاندنی کۆنترۆڵی توندتر و کاراتر بەسەر بەڕێوەبردنی کارگە زەبەلاحەکانی سەر بە دەوڵەت، دامەزراوەگەلێکی دروستکرد، وەك تەرخانکردنی یارمەتییەکان، سەپاندنی ڕێنماییەکان و پەسەندکردنی وەبەرهێنان، ئەمەش سەرەتای ئاڕاستەیەکی سیاسەتی نوێ بوو، کە بە ناوی جۆراوجۆری 'سەرمایەداریی دەوڵەت'، 'تەکنۆ-ناسیۆنالیزم' و 'چین ئینکۆ' ناوزەدکرا. هەرچەندە کەرتی تایبەت زیندوبووە و گەشەیسەند، بەڵام دەستوەردانەکانی حکومەت و پارتی کۆمەنیست زۆر زیاتر لە پێشوو بەربڵاوتربوو. ئەو کۆمپانیا بیانییانەی ڕۆژێک بە پەرۆشەوە پێشوازیان لێکرابوو، زیاتر دەبوونە قوربانی کۆمەڵێک بەربەست و سیاسەتی پیشەسازیی کە ئامانجیان بەرەوپێشبردن و پاراستنی کۆمپانیا ڕکابەرە چینییەکان بوو، کە لە حزب و حکومەتی چین نزیکبوون(BLUSTEIN, 2009).

لەسەر ئاستی سیاسی، ڕووداوی سەرەکی لە ماوەی سەرۆکایەتی جۆرج دەبلیو بۆش (٢٠٠١-٢٠٠٩) هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ و دواتر جەنگی دژە تیرۆر بوو، ئەم ڕوداوە لەسەرئاستی جیهانی پشتیوانییەکی گەورەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی هێرشبەران دروستکرد. بە ڕەزامەندیی نەتەوە یەکگرتووەکان هێزەکانی ئەمەریکا و ناتۆ بە خێرایی بنکەی هێرشبەرانیان لە ئەفغانستان داگیرکرد و دەریانکردن و حکومەتی تاڵیبان کە داڵدەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو 'ئوسامە بن لادن' تێوەگلاوی سەرەکی ڕوداوەکە و سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەی دابوو، شکستیان پێهێنرا.

هاوکات پاڵپشتی سیاسەتەکانی بۆش لە سەر ئاستی ناوخۆ زۆر زیادیکرد. بۆیە بڕیاریدا سەرمایەی سیاسی تازەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ گۆڕینی بنەڕەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. سەرنجی خستە سەر ئەگەری ئەوەی وڵاتێکی دوژمنکار چەکی کۆکوژی بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دابیندەکات. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ وتارێکی لە کۆنگرێسی ئەمریکا خوێندەوە و تیایدا دیدی خۆی بۆ سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا دەربڕی، کە بە دۆکترینی بوش ناسرا. مەبەستیش ئەوەبوو ئەمریکا لە پێشدا سیاسەتی هێرشی سەربازیی دژ بەو نەتەوانە جێبەجێدەکات کە بە پاڵپشت و یارمەتیدەری ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسراون، بوش چەمکی (ناوەندی شەڕانگێزیی - Axis of Evil ) بەکارهێنا کە لە سێ دەوڵەت پێکهاتبون، پێیوابوو ئەوانە بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیریی جیهان گەورەترین مەترسین، بریتیبون لە عێراق، ئێران و کۆریای باکور.(Bush, George W. State of the Union Address) هەندێك ساڵی ٢٠٠١ بە قۆناغی تاکجەمسەریی سیستەمی جیهانی دادەنێن، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوپەیمانێتیەکی گەورەی دژی تیرۆر لە جیهاندا دروستکرد، هەژمونی سیاسی و سەربازیی بەسەر وڵاتە بچوکەکاندا سەپاند، بەڵام تاکجەمسەریی زۆری نەخایاند، یەکەم ئاماژە لە داگیرکردنی ئەمریکا بۆ عێراق لە ٢٠٠٣ دەرکەوت، ناکۆکیەکان لە نێوان پشتیوانەکانی ئەمریکا و نەیارەکانیدا لە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشدا دەرکەوت، ئەمریکاو بەریتانیا هاوپەیمانبوون، ڕوسیا و چین بەتەواوەتی دژی بوون، فەرەنساش هەرچەندە لەسەر کامپی ڕۆژئاوایی بوو، بەڵام دژی ئەوکردە سەربازییەبوو(برهم، ص ٦٩-٧٠).

لێرەوە سیستمێکی فرەجەمسەری نوێ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، ڕوسیا، چین و ژاپۆن بەرجەستەبوو. هەریەك لەو

وڵاتانە کۆمەڵێك وڵاتی بچوك هاوپەیمانیانبوو، بەڵام دەتوانین بڵێین کۆماری گەلی چین لە پێگەیەکی باشتردا بوو بەبەراورد بە ژاپۆن، چونکە چین سەربەخۆیی سیاسی زیاتربوو، بەو پێیەی چین خاوەنی چەکی ئەتۆم بوو، ڕەگەزەکانی بوونە جەمسەرێکی جیهانی تێدابوو، هەندێکجار دژی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو(برهم، ص ٧١).
ئەمریکا لە سیستەمی تاك جەمسەریدا هەوڵیدا ڕوسیا و چین کۆنترۆڵبکات، تیرۆر کۆتایی بهێنێت و چەکی ناوەکی دابماڵێت، لە ٢٠٠١ ئەفغانستان و لە ٢٠٠٣ عێراقی داگیرکرد، ویستی ئێران، سوریا، و لیبیا و گروپە ئیسلامیە چەکدارەکانی وەك حیزبوڵای لوبنانی و حەماسی فەلەستینیش بگۆڕێت، بەڵام شکستی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان، جەنگی حزبولا- ئیسرائیل لە تەمموزی ٢٠٠٦، ستراتیج و پلانەکان وەك خۆیان بەدی نەهاتن. (العلیاوی، ص١٢٣).

ئەوەش وایکرد چین لەسەر ئاستی جیهانی سەربەخۆتربێت، لە ٢٠٠٩ کۆمەڵەی بریکس لە (بەرازیل، ڕوسیا، هندستان، چین و باشوری ئەفریقا) پێکهات، لە لوتکەی بریکس لە مانگی نیسانی ٢٠١٠ ڕایانگەیاند: ئامانجی ئەم کۆمەڵە دروستکردنی سیستەمێکی جیهانی فرە جەمسەرە. لێرەوە دوبارە پەیکەری سیستەمی جیهانی دوبارە دارێژرایەوە و کاریگەریی لەسەر هاوپەیمانێتیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانا، بەجۆرێك هێزە هەرێمیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان لە (تورکیا، ئیسرائیل، سعودیە) پێکهاتبوون، بەشی دووەمیان (ئێران، سوریا، و حزبوڵای لوبنانی) بوون. کە ڕوسیا و چین بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی دژی ئێران لە ٢٠١٠ ڤیتۆکرد و لە شوباتی ٢٠١١ لە بەکارهێنانی هێز لە دژی سوریا ڕێگریانکرد، گۆڕانکارییە نوێیەکان بە کرداریی دەرکەوتن. بەڵام هێشتا ئەمریکا لە سیستەمی جیهانی فرە جەمسەردا پێگەی لوتکەی هەبوو، لەگەڵ ژمارەیەك هێزی گەورەیتر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کێبەرکێیان دەکرد. (العلیاوی، ص١٢٣)

لە خولی دووەمی بوشدا کە لە ٢٠٠٥ دەستی پێکرد، لەگەڵ دەرکەوتنی لایەنە نیگەرانکەرەکانی سیاسەتە ئابوورییەکانی چین، بەرپرسانی باڵای ئەمریکا ڕاشکاوانەترو شەڕانگێزتر قسە و مامەڵەیان کرد. 'زۆلیک' جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە وتارێکیدا لە ٢١ی ئەیلوولی ٢٠٠٥ هۆشداریدا و وتی "چین لە زۆرێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان کراوەتر بووە، بەڵام نیشانەکانی بازرگانی لەچین زیاتر لە بواری بازرگانیخوازییە (مێرکەنتەلیزم) وەك لە بازرگانی ئازاد، سیاسەتە ئابورییەکانی چین هەوڵی ئاڕاستەکردنی بازاڕەکان دەدەن نەک کردنەوەیان"، ئامۆژگاری پەکینی کرد کە ببێتە "لایەنێکی بەرپرسیار لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا"(BLUSTEIN, 2009).

بەڵام سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی جیهانی لە ٢٠٠٨ هەوڵەکانی ئەمریکای بۆ هاوسەنگکردنی تەرازوی بازرگانی لەگەڵ چین سنوردارکرد، هەرچەندە ئابوریی دەوڵەتە پێشکەوتوەکانی جیهان بەرەو دارمان چوون، بەڵام ئابووری چین نەک هەر لە قەیرانەکە دەرچوو، بەڵکو ئەوەندە گەشەیکرد کە وەک تاکە بەهێزترین سەرچاوەی پشتیوانی بۆ بوژانەوەی جیهان دەرکەوت. کاتێک خواستی دەرەوەی وڵات لە زستانی ٢٠٠٨ تا ٢٠٠٩ بچووکبووەوە و دابەزینی هەناردەکردن و بێکاربوونی ملیۆنان کرێکاری چینی لێکەوتەوە، پەکین بە پاکێجێکی هاندانی فریاگوزاریی وەڵامیدایەوە. نزیکەی ٦٠٠ ملیار دۆلاری خەرجکرد، یان ١٢,٥٪ ی بەرهەمی ناوخۆیی (GNP)، لە بوارەکانی گواستنەوە، کارەبا، چاودێریی تەندروستی، پەروەردە، و بونیادنانی شوێنی نیشتەجێبون بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت، لە لایەکی دیکەوە بانکی گەلی چین ڕێژەی سوودی کەمکردەوە و ئامرازێکی سیاسەتی بەکارهێنا کە بۆکەم بانکی ناوەندیی لە شوێنەکانی دیکە بەردەستە، ئەویش قەرزدانی بانکی دوو هێندە کرد، کە بانکە گەورەکان ناچاربوون پابەندبن بە زیادکردنی قەرز بۆ خاوەندارێتی دەوڵەت و بە تایبەت بازرگانی چینی، سوودەکەی ئەوە بوو کە بەرهەمهێنان بە خێرایی ٩,١٪ لە ساڵی ٢٠٠٩ فراوانتربوو، کە نزیکەی هاوتای ڕێژەی گەشەی ساڵی پێشووبوو و زۆر لە ئابوورییەکانی جیهان زیاتر بوو(BLUSTEIN, 2009).

بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ بە هاتنە سەرکاری باراك ئۆباما (٢٠٠٩-٢٠١٣) پەیوەندییەکانی چین- ئەمریکا چووە قۆناغێکی نوێوە. ئۆباما ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای دانا، ئەو ستراتیژە نوێنەرایەتی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا کرد. بەجۆرێك چەقی گرنگیپێدان و سەرنجی ئەمریکای لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپاوە بۆ ناوچەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا گۆڕی. گرنگی زیاتر بە وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا درا بە تایبەت ئەوانەی کە لەگەڵ چیندا هاوسنورن. ستراتیژی ناوچەیی (وەرچەرخان بۆ ئاسیا Pivot to Asia) ئۆباما، کە بوارە سەرەکییە کردارییەکانی بریتی بوون لە "بەهێزکردنی هاوپەیمانییە ئەمنییەکانی دوولایەنە، قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی کارکردن لەگەڵ زلهێزە تازە پێگەیشتوەکان، لەنێویاندا چین، بەشداریکردن لەگەڵ دامەزراوە فرەلایەنە ناوچەییەکان، فراوانکردنی بازرگانی و وەبەرهێنان، دروستکردنی ئامادەیی سەربازیی بنکە فراوان و پێشخستنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ" (Bush,2012 )هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە وتارێکدا لە گۆڤاری 'فۆرن پۆلەسی' لە ٢٠١١ بەمجۆرە ستراتیجی نوێی خستەڕوو: "لە کاتێکدا شەڕ لە عێراقدا کەمدەبێتەوە و ئەمریکا دەستدەکات بە کشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان، ئەمریکا لە خاڵێکی سەرەکیدا وەستاوە.

لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا سەرچاوەی بێئەندازەمان بۆ ئەو دوو شوێنە تەرخانکردووە. بۆ ئەوەی خۆمان بخەینە باشترین دۆخەوە بۆ بەردەوامبوونی سەرکردایەتیمان و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانمان و پێشخستنی بەهاکانمان، لە ١٠ ساڵی داهاتوودا پێویستە زیرەک و سیستماتیک بین لەوەی کە کات و وزە لە کوێدا وەبەردەهێنین، بۆیە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی دەوڵەتداری ئەمریکا لە دەیەی داهاتوودا بریتی دەبێت لە قفڵکردنی وەبەرهێنانێکی بەرچاو و زیادکراوی دیپلۆماسی، ئابووریی، ستراتیژی و ...تاد، لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن". زیاتر لە بارەی گرنگی ناوچەکەوە جەختیکردو ڕونیکردەوە " ئاسیا و زەریای هێمن بووەتە بزوێنەرێکی سەرەکی سیاسەتی جیهانی. ناوچەکە لە کیشوەری هیندستانەوە تا کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەمریکا درێژدەبێتەوە، دوو ئۆقیانوس دەگرێتەوە، زەریای هێمن و هیندی، کە بایەخی کەشتیوانی و ستراتیژی پێکەوەیان دەبەستێت. ئەم ناوچەیە خاوەنی نزیکەی نیوەی دانیشتوانی جیهانە. زۆرێک لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی ئابووریی جیهانی لەخۆدەگرێت، هەروەها گەورەترین دەرهێنەرانی گازە پیسکەرەکانی ژینگەیە. شوێنی چەندین هاوپەیمانی سەرەکی و زلهێزە گرنگە سەرهەڵداوەکانی وەک چین و هیندستان و ئەندەنوسیایە"(Clinton,2011).

هەرچەندە ناوچەکانی دیکەی جیهان بە گرنگ مانەوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵام ئۆباما سەرنجی سەرەکی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوو، ئەوگرنگی زۆری بە پەرەپێدانی دیپلۆماسی و بازرگانی ئەمریکای لە ناوچەی ئاسیا-زەریای هێمندا. بەردەوامی سەرهەڵدانی چین وەک زلهێزێکی سەرەکی، پرسێکی سەرەکی سەرۆکایەتی ئۆباما بوو، لە کاتێکدا هەردوو وڵات پێکەوە کاریان لەسەر پرسەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا کرد، بەڵام پەیوەندیی نێوان چین و ئەمریکا گرژی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت سەبارەت بە بانگەشەی ئەوەی کە چین خاوەندارێتی لە دەریای باشووری چین و دەریای ڕۆژهەڵاتی چین دەکرد. لە هەمانکاتدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکۆکییەکان زیاتر دەرکەوتن، کاتێك لە ئاستانەی دەرکەوتنی بەهاری عەرەبی و قوڵبونەوەی جەنگی ناوخۆی سوریا، چین ڕادیکاڵتربوو لە پەیوەندیەکانی بەهاوپەیمانی ڕوسیا، چەندین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشیان ڤیتۆ کرد بۆ ڕێگریکردن لە دەسوەردانی سەربازی لە سوریا، ئەوەش بەهاتنە سەرکاری سەرۆکی نوێی چین (شی جی پینگ) لە ساڵی ٢٠١٣، قۆناغی نەرمی پەیوەندیەکانی چین و ئەمریکا کۆتایی پێهات. (Mahmod,2021).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ئەنجام:

دوای قۆناغی جەنگی سارد مەیلی کرانەوە و پەیوەندی کردن بەدونیای دەرەوە گرنگی زۆری پەیدا کرد لە چیندا، ئەوەش شانبەشانی گۆڕانگاریەکانی سەردەمبوو، تێکەڵبونی چین بە سیستەمی نوێ جیهانی سودی ئابوری، بازرگانی، و لە کۆتاییشدا سیاسی پێگەیاند. لەکاتێکدا لە ناوخۆی ئەمریکا خواستەکانی گۆشەگیری و دابڕان لە دونیای دەرەوە پەرەی سەند. ئەمریکا لە ئەنجامی ڕوداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر گلایە ناو جەنگی دژی تیرۆر کە ئەوەش زیانی ئابوری و سیاسی زۆری لێکرد و بە قازانجی چین شکایەوە.

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و ستراتیجی سیاسەتی دەرەکی لە چیندا ئاڵۆزە، دامەزراوەی زۆر هەن کە ڕەنگڕێژی سیاسەتی دەرەوە دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی سیستەمە سیاسەیەکە تاك حیزبیە ستراتیج و پلانەکان زۆرجار وەك خۆیان دەمێننەوە و ناگۆڕدرێن، بەڵام لە هەموویاندا وەزارەتی کاروباری دەرەوە لاوازترینیانە. ئەگەرچی لە ئەمریکاشدا دامەزراوەکان فرەڕەنگن، بەڵام وەزارەتی دەرەوە ئەڵقەیەکی بەهێزی سیاسەتی دەرەکیە، زۆر جار بەپێی هەلومەرجی سیاسی و گۆڕان لە ئیدارەکانی کۆشکی سپی پلان و ئەجێنداکان دەگۆڕدرێن.

پەیوەندییەکانی ئەمریکاو چین دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی جەنگی سارد بە چەند وێستگەیەکی جیاوازدا تێپەڕین، لە سەرەتاوە سارد، دواتر دەسپێکردنەوەی دانوستان، پاشان بەهێزبونەوەوەی پەیوەندییەکان، ئەگەرچی ئیداری بۆش (٢٠٠١-٢٠٠٩) لە سەرەتاوە ویستی سزادانی چین و دورکەوتنەوە و کۆتکردنی هەبوو، بەڵام پاشتر بە هۆی ڕوداوەکانی یانزەی ئەیلول و هەڵوێستی ئەرێنی چین لە جەنگی دژی تیرۆر، پەیوەندییەکانی گەشاندەوە، ئەگەرچی چینیەکان دژی دەسوەردان بوون لە جەنگی عێراق، بەڵام دواتر سودمەندبوون لە سەرقاڵی ئەمریکا بە جەنگەکان و بڵاوکردنەوەی هەژمونی خۆیان بە جیهاندا. پاشان ئیدارەی ئۆباما (٢٠٠٩-٢٠١٣) دوبارە چەق سەرنجی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکای گەڕاندەوە بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بە تایبەت چین.

گەڕانەوە بۆ وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکە کە لە سەرەتاوە دیاری کرابوو، دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکا لە دوای جەنگی سارد، پەیوەندی و هەماهەنگی بەهێزی ئابوریی، دیبلۆماسی، کولتوریی، سیاسین. لە هەمانکاتدا ململانێیەکی سەخت شانبەشانی ئەم هەماهەنگیە بە شێوازی پاراڵێل ڕۆشتوە، ئەمریکیەکان هەمیشە بە بەکارهێنانی کارتی تایوان چینیان نیگەران کردوە، لە هەمانکاتدا هەندێك جار ڕاستەوخۆ هێرشی سەربازیان کردوەتە سەریان وەك ئەوەی لە بەلگراد ڕویدا. لە هەمانکاتدا چینیەکان زۆر ئە ئارامی و بە جەنگێکی سارد توانیان کاریگەری و هەژمونی ئابوریان لە دونیادا بەهێزبکەن کە ئەوەش کۆڵەکەی هەژمونی سیاسی وسەربازیە.

## سەرچاوەکان:

### ١. بە زمانی کوردی:


١. سەبعاوی، عەونی عەبدولرەحمان ٢٠١٠، مێژووی ئەمریکا (نوێ و هاوچەرخ)، و. د. محەمەد عەبدولا کاکەسور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چ ١، هەولێر.

٢. نەوار، د. عبدالعزیز سلیمان ، نەعنەعی د. عبدالمجید ٢٠٠٩، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی، و، خالید هەرکی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر،


### ٢. بە زمانی عەرەبی:


١. محمد، رفل هاشم ٢٠١٢، دور الصين في التوازنات الإقليمية مرحلة مابعد الحرب الباردة "أنموذج جنوب وجنوب شرق آسيا"، رسالة تقدمت إلى مجلس كلية العلوم السياسية/جامعة بغداد وهي جزء من متطلبات الحصول على درجة الماجستير في العلوم السياسية، غير منشورة

٢. النصار، أنس خالد ٢٠٢٠، الاستراتيجية الصينية تجاه الدول العربية: الأهداف والمألات، دراسه أستشرافية، المركز العربى للأبحاث و دراسة السياسات، ط١، بيروت،.

٣. ألموند ، جبراييل أبراهام و الابن، جى بنجهام باويل١٩٩٧ ، السياسات المقارنة فى وقتنا ألحاضر: نظرة عالمية، ت، هشام عبداللة، عمان، دار الاهلية للنشر والتوزيع.

٤. هيكل، محمد حسنين، أحاديث في آسيا، دار الشروق. https://foulabook.com/ar/book/٪D٨AD٪٪D٨٪A٣٪pdf-A٧٪٨A٪D٨٪D٩٪B٣٪D٨٪A٢٪٨A-٪D٨٪D٩٪٨١٪AB٪D٩٪٨A٪D٨٪AF٪D٩٪D٨٪A٧٪D٨

٥. فضة، حمد إبراهيم٢٠٠٦ ، سياسة الصين الخارجية والعالم الثالث، بيروت،

٦. العلياوى، الدكتور سماح مهدى صالح٢٠١٨ ، مستقبل الشرق الأوسط وملامح نظام عالمى جديد، مكتبه زين الحقوقية والأدبية، ط ١

٧. علي ، سليم كاطع، ٢٠١٢، التنافس الأمريكي ـ الصيني تجاه قارة أفريقيا بعد الحرب الباردة السودان إنموذجاً "، إطروحة تقدم بها إلى مجلس كلية العلوم السياسية - جامعة بغداد، غير منشورة، وهي جزء من متطلبات نيل درجة دكتوراه فلسفة في العلوم السياسية/ الدراسات الدولية.


### ٣. بە زمانی ئینگلیزی:


1. China's Foreign Policy, China official website, available at: China's Foreign Policy (people.cn),

2. Fiddler, Connor, the 3 Pillars of Chinese Foreign Policy: The State, the Party, the People, China's foreign policy apparatus is much more than just the Ministry of Foreign Affairs. February 03, 2021, THE DIPLOMAT, AVAILABLE AT: The 3 Pillars of Chinese Foreign Policy: The State, the Party, the People – The Diplomat

3. Worden, Robert L, Andera & Matles Savada, and Ronal R. Dolan: China a country study, 4th edition, 1988, Library of Congress. Federal research Division

4. World atlas, The Five Permanent Members Of The UN Security Council, AVILABLE AT: The Five Permanent Members of the UN Security Council - WorldAtlas

5. Global Diplomacy Index, China, Available at: COUNTRY RANKING | Lowy Global Diplomacy Index

(lowyinstitute.org)

6. Pay, Lucian W: The Mandarin and The Cadre, Chinas Political Cultures, (Arbor, Michigan; University of Michigan Press, 1988).

7. U.S. Department of State, Alphabetical List of Bureaus and Offices, Retrieved June 13, 2021. Available at: Alphabetical List of Bureaus and Offices (state.gov)

8. Committee on Foreign Affairs, HISTORY OF THE COMMITTEE, Retrieved June 13, 2021. Available at: U.S. House Committee on Foreign Affairs (archive.org)

9. JENTLESON BRUCE W, AMERICAN FOREIGN POLICY, The Dynamics of Choice in the 21st Century, 5th edition, W. W. NORTON & COMPANY, NEW YORK. LONDON

10. Rosken, Mickel G., Cord, Robert L., Medeiros, James A., Jones, Walter S: Political Science, An Introduction, 4th edition, person, 2017

11. JENTLESON BRUCE W., AMERICAN FOREIGN POLICY, The Dynamics of Choice in the 21st Century, 5th edition, W. W. NORTON & COMPANY, NEW YORK. LONDON,

12. Sutter, Robert G., Chinese Foreign relations, power and policy since the Cold War, 3rd Edition, ROWMAN & LITTLEFIELD PUBLISHERS, INC. printed in USA,

13. Song, Yuwu, Encyclopedia of Chinese-American Relations, McFarland Publishing, 2009, Jefferson North Carolina and London

14. Pye, Lucian W., The United States and Asia in 1997: nothing dramatic, just incremental progress. Asian Survey 38.1 (1998): 99-106, Available at: https://online.ucpress.edu/as/article-abstract/38/1/99/23498/The-United-States-and-Asia-in-1997Nothing?redirectedFrom=fulltext

15. Frost, Dr Frank., United States-China Relations and the Clinton-Jiang Summit, Current Issues Briefs 1997 - 1998, parliament of Australia, Foreign Affairs, Defense and Trade Group, 24 November 1997. available at: https://www.aph.gov.au/About_Parliament/Parliamentary_Departments/Parliamentary_Library/Publications_Archive/CIB/CIB9798/98CIB07

16. President Clinton & President Jiang Zemin of China delivering a joint press conference (1997): Clinton library 42. Available at: https://www.youtube.com/watch?v=HupI1TKN-aM

17. Office of the historian, China, Available at: https://history.state.gov/departmenthistory/travels/president/china

18. CGTN, A brief history of US Presidents visiting China, 2017-11-06 19:11 GMT+8, Available at: https://news.cgtn.com/news/786b7a4d34597a6333566d54/share_p.html

19. Purdy, Matthew., The Making of a Suspect: The Case of Wen Ho Lee, the New York times, Feb. 4, 2001, Available at: https://www.nytimes.com/2001/02/04/us/the-making-of-a-suspect-the-case-of-wen-ho-lee.html

20. Gries, Peter Hays, Tears of Rage: Chinese Nationalist Reactions to the Belgrade Embassy Bombing, The China Journal. Canberra, Australia, July 2001, Contemporary China Center, Australian National University

21. Blusten, Paul., The U.S.-China relationship started veering wildly off track 15 years ago—but Washington stumbled badly in its response. Foreign policy, 2019 Available at: https://foreignpolicy.com/2019/10/04/the-untold-story-of-how-george-w-bush-lost-china/

22. Bush Richard C., The Response of China's Neighbors to the U.S. "Pivot" to Asia, Brookings institute, 2012, available at: The Response of China's Neighbors to the U.S. "Pivot" to Asia (brookings.edu)

23. Clinton Hillary, Americas pacific century (The future of politics will be decided in Asia, not Afghanistan or Iraq, and the United States will be right at the center of the action), 2011, available at: America's Pacific Century – Foreign Policy

24. Bush, George W. State of the Union Address, Jan 29, 2002, https://web.archive.org/web/20111011053416/http://millercenter.org/president/speeches/detail/4540

25. world trade organization, member information, China, and WTO, retrieved 27 Jun 2020, available at: https://www.wto.org/english/thewto_e/countries_e/china_e.htm

26. Ezell, Stephen., False Promises II, The Continuing Gap Between China's WTO Commitments and Its Practices, retrieved 29 Jun 2022, available at: https://itif.org/publications/2021/07/26/false-promises-ii-continuing-gap-between-chinas-wto-commitments-and-its/

27. Mahmod, H. A., & Abdullah, A. A. (2021). An Examination of the U.S. Military Intervention Against the Islamic State in Iraq. Koya University Journal of Humanities and Social Sciences, 4(1), 21-27. https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n1y2021.pp21-27

28. Lucy Ridout, Dr Yu Jie: Who decides China's foreign policy? The role of central government, provincial-level authorities and state-owned enterprises, Chatham House, Briefing Paper, Asia-Pacific Programme November 2021

29. Graham Allison: The Thucydides Trap: Are the U.S. and China Headed for War? In 12 of 16 past cases in which a rising power has confronted a ruling power, the result has been bloodshed. THE ATLANTIC, SEPTEMBER 24, 2015, retrived from:https://www.theatlantic.com/international/archive/2015/09/united-states-china-war-thucydides-trap/406756/